پێشەکی یەکی کورت :
تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .
بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆژەکانی سوپای نوێی عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند رەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا گەڵك لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

وەڵام: سەرەتا سوپاسی سایتی دەنگەکان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە و هیوادارم بتوانین لەسەر ئەم مەسەلە چارەنوس سازە و لەم فرسەتەی لەبەردەماندایە بتوانین هەموو پێکەوە کاری هاوبەشی جدی بکەین لەپێناو بەجێگەیاندنی خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان.
بێگومان ئەمڕۆ فرسەتێکی گرنگ و گەورە بۆ خەڵکی کوردستان هاتۆتە پێش کە بتوانێ کۆتایی بە مێژووی ترس و چەوسانەوەی نەتەوایەتی سەدەیەك لەسەر خۆی بهێنێ بە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستان. ئەم ئامانجە ئەمڕۆ ئیمکانی جێبەجێبونی هەیە و پراتیکیە. ڕێگاکەشی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان رفراندۆمێك بەرپابکەن بۆ پرسی سەربەخۆیی و ڕاپرسی گشتی لەسەر ئەو پرسیارە بکرێت کە ئایا دەیانەوێت سەربەخۆ بن یان نا؟
ئەوەی یەکێتی و پارتی دەڵێن ئێستا کاتی سەربەخۆیی نەهاتوە و دەولەتانی دراوسێ لەدژین و ئەمریکا ڕێگانادات ، بیانوی ئەوانە بۆ دژایەتی سەربەخۆیی و هێشتنەوەی چارەنوسی کوردستان لەسایەی فیدرالیزمە مۆلەقەکەی خۆیاندا. هەلومەرجی ئەمڕۆ تەنانەت لەچاو 13 ساڵی ڕابردوشدا لەبارتر بوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، بەوپێیەی ڕژێمی بەعس و صدام حسین نەماوە کە زیاتر لە30 ساڵ کابوس و دەسەڵاتیکی عەسکەری گەروە بو بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە ، ئێستا دەوڵەتی عێراق بەناو هەیە و بە عەمەلی سوپا نییە و دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا ناشکێت تا بەر بەهاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستان بگرێت بۆ سەربەخۆیی . هەرچی بە دەوڵەتانی دەوروبەریش دەگەڕێتەوە، تورکیا و ئێران ئەو توانا وئیمکانەی جارانیان نەماوە بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لەڕێگای سوپا و پاسدار و ئیسلامیەکانەوە لە کوردستاندا . ئەمریکاش بای

پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لەکوێیەوە هەڵبکات لەوێوە شەن دەکات و ڕێگای سەپاندنی خواستەکانی خەڵکی کوردستان فشاردانانی سیاسی وجەماوەری‌یەلەسەر ئەمریکا و دەورەی خۆشباوەڕی بەوەی فریشتەی نەجاتە بەسەر چووە.

هەربۆیە وەك لە پرسیارەکەی ئێوەدا هاتوە سەرکردایەتی حزبە ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بەرژەوەندی حزبی وبنەماڵەیی‌یان خستۆتە پێش بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئەمڕۆ بەرژەوەندی ئەم دوو حزبە لەبەرژەوندی خەڵکی کوردستان جیایە . دەبینین لە لایەك خەڵکی کوردستان بەپەرۆشەوە 2 ملیۆن ئیمزا بۆ رفراندۆم دەکات کە ئاشکرایە لەپێناو سەربەخۆیی‌دا کردویەتی نەك بۆ فیدرالیزم، هەروەك غازی یاوەریش ئەم ڕاستیە دەزانێ و شۆڤینیستانە لەدژی ڕاوەستاوە. بەڵام یەکێتی وپارتی پاڵ بەخەڵکەوە دەنێن بۆ چوونەوە ژێرسایەی دەوڵەتی مەرکەزی عێراق لە ڕێگای هەڵبژاردنەکان لە عیراقدا. ئەوان بەشوێن پاراستنی ئەو چەند کورسیەوەن کە لە بەغداد پێیان دراوە و پاراستنی بەرژەوەندی ئابوری و هێشتنەوەی کاتی میلیشیاکانیان و ئیدارە محەلیەکانیان لەسەروو چارەنوسی سیاسی کوردستانەوە داناوە. بەشداری کردنی خەڵکی کوردستان لەم هەڵبژاردنەی عێراقدا پێش دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان بە جیابونەوە یان مانەوە هەڵەیەکی مێژوویی‌یە کە ئەو فرسەتە مێژوویی‌یەی ئێستا کە خەڵکی کوردستان لەدەستیاندایە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان لەدەست دەدات .دوای 13 ساڵ لە جیایی لە حکومەتی بەعس و بونی سەربەخۆیی‌یەکی دیفاکتۆ ئەوە مافیکی دیموکراتی خەڵکی کوردستانە کە بزانن دەیانەوێت بگەڕێنەوە سایەی ڕژێمی عێراق.

ڕێگای خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە پێش ئەم هەڵبژاردنانە داوای بەرپاکردنی رفراندۆم بکەن و رفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان بکرێت . بەتایبەت ئاشکرایە ئەو هێزانەی لە هەڵبژاردنی عیراقدا بەشداری دەکەن زۆرینەیەکی ئیسلامی وقەومی عەرەبی‌یە و بەم پێیەش ئەنجامی هەلبژاردنەکە ئەم زۆرینەیە دەیباتەوە و ئەمانەش بەرنامە وسیاسەتیان هەر لەم ساڵ و نیوەی ڕابردوودا دەرکەوتوە کە لەسیستانی‌یەوە بگرە تا غازی یاوەر فەتوا و هەڕەشەی شۆڤینیستانە دەدەن. وەبەم پێیە خەڵکی کوردستانیان خستۆتەوە بەرترسی گەڕانەوە بۆ ژێرسایەی حکومەتی قەومی وئیسلامی و سەپاندنەوەی ستەمی قەومی وپلەدوویی بەسەر ئەم خەڵکەدا.

هەربۆیە ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئێستا لە کوردستان و لە دەرەوە لەڕێگای چالاکی جۆراوجۆرەوە دەمانەوێت سەرجەم ئەم هێزەی خەڵکی کوردستان کۆبکەینەوە کە نایەوێت بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا بکات و خۆی شەرعیەت بدات بەوەی خەڵکی کوردستان مافی دیاریکردنی چارەنوسی کوردستانیان نی‌یە. بەدیلی ئێمە (رفراندۆم پێش هەڵبژاردن)ە و ئێمە بانگەوازی هەموو لایەك دەکەین بۆئەوەی ڕێگای رفراندۆم پێش هەلبژاردن بگرینە بەر و لیستی (رفراندۆم پێش هەلبژاردن) کۆبکەینەوە و دەست بدەینە کاری جەماوەری و وەك هێز و رێکخراوێکی جەماوەری رفراندۆم بێینە مەیدان و ئەم دەنگ و خواستەی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان نەیەڵین لەژێر فشار و چەواشەکاری هەڵبژرادندا کپ بکرێتەوە. لێرەوە جارێکی تر بانگەوازی هەموو لایەن وکەسایەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جەماوەری کوردستان دەکەین کە بەشداری و پشتیوانی کۆنگرەکانی لەندەن و کوردستان بکەن کە لە مانگی 12 دەبەسترێت .پێویستە پێکەوە هەموو هێزمان لەم فرسەتەدا بخەینە کار بۆ ئەوەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەینە دەنگی بیستراو لە ساحەی سیاسی کوردستاندا و هێزی جەماوەری بێینیە مەیدان لە کوردستان ولەدەرەوە بۆ کردنی رفراندۆم

**و سەربەخۆیی بە ئەمری واقیع. ئێمە هاوکات دەستمان کردوە بە ڕاکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی، حزبی سەوزی سویدی و حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیای گەورە و چەندین رێکخراو و کەسایەتی تری جیهانی هاتونەتە پێش بۆ هاوکاری ،وەهەروەها کاردەکەین بۆ گەیاندنی ئەم دەنگانەمان بە پەرلەمانی ئەورووپی و نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمەلگای نێو دەوڵەتی.**

**ئاسۆ کمال**

2004/11/19